**دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان سوپاسی ئەو نوسەرە بەڕێزانە دەکا کە لەو هەڵوێستە ڕەخنە ئامێزو دۆستانەداو بۆ بەرەو پێش بردنی دەنگەکان ئەم نامەیان نووسیوە،ئێمە لە بڵاوکردنەوەیدا سەرەڕای بوونی بۆچونی جیاوازمان لە هەندێ پەرەگرافدا کە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە ،بەڵام دەنگەکان وەکو ستانداری هەمیشەی خۆی سەکۆیەکی فرە ڕەنگە بۆ دەنگە جیاوازەکان و بە دڵنیایەوە ئەم جۆرە لە ڕەخنە ئایندەی کارەکانمان دەوڵەمەنتر دەکا.**

# هەندێ ڕەخنەو سەرنج و پێشنیاز بۆ دەنگەکان ( بەواژۆی ١١ نووسەر )

## بەڕێزان بەڕێوەبەرانی سایتی دەنگەکان:

کامەرانییتان دەخوازین و هیوادارین لەپانتایی خزمەتکردن بەرۆشنبیریی کوردیی ونووسینی کوردییدا، هەرچی زۆرتر بتوانن بەشارستانییترین شێوە دەروازە بۆ گفتوگۆ و بۆچوون گۆڕینەوەی جیاواز بکەنەوە. شایانی باسە گرنگییدانتان بە دۆزی ئەنفال و هەوڵەکانتان لەم ئاراستەیەدا بەرز دەنرخێنین. ئێمە بەهەندی دەزانین کە دەنگەکان ببێتە خاوەن ئاراستەیەکی رۆشنبیرییانەی هاوچەرخ و رووبەرێکی خەمڵیوو بۆ ئازادیی رادەربڕین و رۆشنبیریی کوردیی .

## پوختەی سەرنج و پێشنیازو رەخنەکانمان لەم چەند خاڵەدا کۆدەکەینەوە.

١- سایتی دەنگەکان، تا ئێستا بەهەر کەموکوڕییەکەوە بێت توانیویەتی باڵانسێکی باش لە ئازادی رادەربڕین بپارێزێ و گەیاندنی وشەی ئازاد بەهەموو ئەگەرەکانییەوە بکاتە سەرمەشقی کارەکانی، بەڵام ئەوەی جێگەی شۆکێکی زۆر گەورە بوو بۆ ئێمەو بۆ زۆرێک لە نووسەران و خوێنەرانی ئەم سایتە، بڵاوکردنەوەی کەمپەینێکی شۆڤینیستیانەی ئالوودە بە فیکری بەعسیزم و پانعەرەبییزم بوو، دژ بە خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و بەتایبەتییش دژ بە چارەنووسی خەڵکی شاری کەرکوک بوو ، کێشەیەک کە زۆر هەستیارە لەم کاتەداو گەلەکۆمۆکێیەکی هەرێمیی گەورە لەدژی ناوچە تەعریبکراوەکان و کەرکوک بەرێوەیە، بەداخەوە لەم کاتەشدا کۆمەڵێ کۆمۆنیستی شۆڤینیست لینکی کەمپەینی تەعریبەکەیان گەیاندە سەر دەنگەکان ، ئەگەرچیش بۆ ماوەیەکی زۆر کورت بوو، دواتر ستافی دەنگەکان لایان دا.

بڵاوکردنەوەی کەمپەینێکی لەو چەشنە، نەدەبوو لەسەر داوای دووبارە و دەبارەی هیچ کەس لایەن بڵاوبکرایەتەوە، چونکە ئەو لینکە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر خودی ئەجێنداکانی دەنگەکان و دەنگی لیبراڵ و ئازادیخوازانی کورد , هەڵەیەک بوو کرا و دەستخۆشییش لە ئازایەتیتان دەکەین کە دەڵێن نە دەنگەکان و نە دەستەی بەرێوەبەرەکەی بەشێک نییە لەو کەمپەینە. سەردێڕی ئەو کەمپەینە کە سەرتاپا رزیوە لەشۆڤێنیزمدا " حملة من اجل إنسانية مدينة كركوك وتقرير مصيرها بشكل حضاري " گومانێک ناهێڵێتەوە بۆ کەس کە ( الحوار المتمدن ) چ ئەجێندایەکی شۆڤینستیی دەیجوڵێنێ . ئاسانکاریی بۆ ئەو کەمپەینە، خودکوژییەکی گەورەیە دژ بە مۆراڵی سیاسیی دەکرێ. شینکردنی ( الحوار المتمدن ) بۆ ئینسانییبوونی کەرکوک، شینە بۆ باڵادەستیی نەتەوەی سەردەست و عێراقی عروبەو ئایدۆلۆژیای بەعس، هەرکەسێ بچێتە پاڵ ئەو کەمپەینەوە ، جا بەخۆی بزانێ یان نا، دەبێتە سەربازێکی ئەو لەشکرەی سەدام ناوی نابوو " جيش العقائدي"، دەبێتە موجاهیدێکی سوپاکانی سەعدو وەقاس و سەرئەنجامیش میلیشیایەکی مەهدیی و تێرۆریستێکی ئەلقاعیدە و تێکۆشەرێکی بەعسیی و کۆمۆنیستێکی رادیکاڵ و تورکمانێکی بەرەی تورکمانیی و ئیماندارێکی سەر بە ( حارث الضاري ) کە هەرهەموویان لۆبییەکیان پێک هێناوە بۆ درێژەدان بەسیاسەتی دژی مرۆییانەی تەعریب.

ئێمە پێمانخۆش بوو دەنگەکان چۆن جوامێرانە لایانبرد، ئاواش بێباکانە کەمپەین دژی ئەو کەمپەینە بکات و کەمپەینی ( ئینسانییبوونی شاری کەرکوک ) ریسواو شەرمەزار بکات.

(ئێمە دنیایەک رەخنەمان لەدەسەلاتی سیاسیی کورد هەیەو بە مووش خۆشخەیاڵ نین بە دەسەڵاتی سەرتاپا گەندەڵی یەکێتیی و پارتیی، دنیایەک تێبینیمان هەیە لەسەر گەڕاندنەوەی کەرکوکی زەوتکراو بۆ سەر کوردستان، بەڵام لە رقی دەسەڵاتی سیاسیی ناکرێ بچینە بەرەی بەعسییەکان و قاعیدەو ئیسلامییە سەلەفییەکان و عەرەبە نەتەوەپەرستەکانی عێراق و کۆمۆنیستە گومڕاکان و سەدرییەکان و زۆرێک لە ئەو کۆمۆنیستە رادیکاڵە کوردانەو ئەو رابەرە کرێکاریی و شوراییانەی بە ملهوڕییەوە دەڵێن دەنگ نادەین بەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان( دیارە ئێمە رێزمان هەیە بۆ بەشێکی بەرچاو لە کۆمۆنیست و شیوعیی و چەپەکانی کوردستان، کە دژایەتی شۆڤینیزمی عەرەبیی دەکەن و لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و کەرکوکدان و کاریشی بۆ دەکەن).

٢- وێڕای ئەوەی چەندین کەس تا ئێستا چ وەک دۆستایەتیی و چ وەک خوێنەرانی پەرۆشی سایتەکەتان، پێتانی راگەیاندوە کە نووسەرانێک کە پاڵیان داوە بەدەسەڵاتەوەو گەورەترین سووکایەتییان بە خامە ئازاد و سەرکێشەکان کرد و هەزارو یەک بیانوویان بۆ دەسەڵاتی سیاسیی داتاشی، کەچیی هێشتا نووسینەکانیان بڵاو دەکرێنەوە لەم سایتەدا. ئێمە لەگەل ئەوەدا نین کە سانسۆر بۆ هیچ کەس و لایەنێک دابنرێ و بایکۆتی کەس بکرێ. بەڵام ئەوانەی لە کۆشی دەسەڵاتدان و بۆ دەسەڵات دەنووسن، پێویستە لای کەم پەراوێز بخرێن و هیچ گرنگییەکیان پێنەدرێ. هەموو میدیایەکیش لەم جیهانەدا کۆمەڵی نووسەر بە ئەنتی بەرنامەکانی خۆی دەزانێ و بایکۆتیان دەکات ، چونکە ئەمە هەرگیز پێشێلکردنی ئازادیی رادەربڕین نییە. ئێمە دەزانین کارێکی سەختتان لەسەرشانە کە تەتەڵەی هەموو ئەو بیرو بۆچوونە جیاوازانە بکەن و دڵی کەسیشتان لێ نەیەشێت، بەڵام سەرئەنجام ئەو جۆرە نووسەرانە بەدڵنیاییەوە زیان لە ناووناوبانگی دەنگەکان دەدەن.

٣- ئێمە بڕوامان وایە ، کە گومڕایی هەندێ لە کۆمۆنیستەکان و هەندێ لەچەپەکان بە ئەندازەی گومڕایی ئیسلامییە سیاسییەکان سامناکە بۆ دۆزە هەستیارەکانی گەلی کورد. بەڵام ئێمە لەوە بەگومانین کە هۆی چییە هەندێ کۆمۆنیست و ترۆتسکیست و چەپی دابڕاو زۆر لەخۆباییانە داوا دەکەن کە سایتی دەنگەکان و سایتێکی کۆمۆنیستەکان بەیەکەوە لاپەڕە بۆ ئەندێشە سیاسییە بەسەرچووەکانیان بکەنەوە و مەتەڵی تێدا بگێڕنەوەو فاڵی پێکهێنانی حیزبێکی عەجیبی تر بگرنەوە، کە یەکەم دروشمی شۆڤینیستیانەی ( کەرکوک شارێکی ئینسانییە!!! ) دەبێت.

٤- ئێمە ئەم پەرۆشییەمان بۆ سایتی دەنگەکان لە ئەنجامی خۆشەویست بوونیەوەیەتیی لە دڵماندا. ئەگینا وەک هەر سایتێکی تر، ئازادە بۆ کوێی ئاراستە دەکەن. بەڵام یەک راستییەک هەیە لە مێژووی میدیای کوردییدا، هەرکاتێک کۆمۆنیستە رادیکاڵەکان و چەپە کلاسیکیی و توندڕۆکان بچنە هەر شوێنێکەوە و سەر بخەنە سەر هەر شتێک، خەڵک لێیان دوور دەکەوێتەوە. ئەوان هیچ متمانەیەکی سیاسیی و هەڵوێستێکی لێبڕاوانەیان نییە لەسەر هیچ کێشەیەکی سیاسیی کە چارەنووسی گەلی کوردی پێوە پەند بێت، ئامادەن بچنە بەرەی هەموو کەس و لایەنێکەوە، ئامادەن لەگەڵ بەعسییەکان و ئیسلامییە سەلەفییەکان و قەومچییەکانی عەرەبدا دژ بەئاراستەی زۆربەی هەرە زۆری گەلی کورد پلان دابڕێژن بۆ پەکخستنی هەر خواستێکی شیاو و هاوچەرخ کە گەلی کورد بیەوێ بەهرەی لێوەربگرێ و لەسەر پێی خۆی رابوەستێ. هاوکات رێزو پێزانینی زۆرمان بۆ هەندێ چەپ و کۆمۆنیست هەیە کە زۆر پەرۆشانە کار بۆ ئازادیی و

سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و بە بەشدارنین لە سەپاندنی بیری شۆڤێنیزمیی نەتەوەی سەردەست کە هەندێ کەس برەوی پێدەدەن.

لە کۆتاییدا ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە کە داوا لە دەنگەکان بکەین و بەقسەمان بکات، ئێمە بڕوامان بەئامۆژگاریی کردن نییە، چونکە سروشتی مرۆڤە کە هەر کەسەمان بەشێوەیەک بیر دەکاتەوە، ئێمەش بیروڕای سیاسییمان زۆر جودایە، لەگەڵ ئەوەشدا کەم تازۆر لەم چەند خاڵەی ئەم کڵێشەیەدا تا ڕادەیەک هاودەنگین، بەڵام بڕوامان بە یەک شت هەیە کە مەسەلەی ستراتیژییە. بە سەرنجدان لەو کەمپەینە ئینسانییە،دژایەتییکردنی گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان، هەڵەو تاوانێکی مێژوویی و ستراتیژییە، بەدەر لەوەی ڕێگاچارەی سیاسیی دەسەڵاتی کوردیی زۆر کەموکوڕیی و ناتەواویی پێوەیە. بەڵێ ناکرێ لەژێر هەر ناوێکدا بێت بیانوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری گەڕاندنەوەی کەرکوک بهێندرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی حیزبیی و بنەماڵەیی لە کوردستاندا جەنگەڵێکیان لەگەندەڵیی دروست کردووە.

.

هاوکات بڕواشمان وایە هەندێ نووسەری دەربارو موچەخۆری دەسەڵاتی سیاسیی، زیانیان زۆرترە لە سوود،کاتێ دەنگەکان دەستیان پێوە دەگرێ. دوایین جاریش هەژمونی کۆمۆنیستە ڕادیکاڵەکان و مارکسیست و چەپە پراگماتییەکان بەسەر ئەجێنداکانی سایتی دەنگەکانەوە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی دەبێت، ئەمە بەدەر لەوەی کە دەنگەکان ئەجێندای خۆی هەیە. چونکە ئەوان هەرچییەک بن، هیچ پێوەندییەکیان بە دنیای ڕۆشنبیریی و نووسین و داهێنانەوە نییە، ئەوان دنیایەکی دابڕاویان بۆ خۆیان و ئەندێشەکانیان دروست کردووەو نامۆن بە مرۆڤایەتیی و کولتووری هاوچەرخ و لێکدانەوە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژگار. ئێمە داوای بایکۆتکردنی کەس ناکەین، بەڵام حەزدەکەین هیچ پۆخڵەواتێک لە نووسەرانی نزیک لە دەسەڵاتی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی هیچ حیزبۆچکەیەک ئەو ئەندێشەیەیان بۆ نەچێتە سەر کە دەنگەکان بخەنە خزمەتی خۆیانەوە.

ئێمە دەنگەکان بە هی خۆمان دەزانین و بەیەکێک لەباشترین سایتە کوردییەکانی دەزانین. پێدەزانین بە ماندووبوونی دەستەی بەڕێوەبەری دەنگەکان، کە بەبێ هەبوونی هیچ پەنایەک کارێک دەکەن، کە بەناو وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانیان شەرمەندە کردووە. ئەو هەمموو ماندووبوونەی بەڕێزان ( گۆران عەبدوڵاو شلێر خان و ڕزگار عومەر ) دەیکەن وەک سەربازی ون، هەر کەسێک پێ نەزانێ سپڵەییەکی گەورەیە، بەڵام پێمان خۆشە بزانین ئایا پڕوپاگەندەو بڵاوکردنەوەی ئەو کەمپەینە بەعسیزم و پانعەرەبییزمە هەڵەیەک بووە کراوە ، یان ستراتیژو ئەجێندای دەنگەکانە لە ئاست دۆزێکی جاڵجاڵۆکاویی و هەستیاری وەک کەرکوک و ئەگەری گەڕانەوەی بۆ سەر جوگرافیایەک کە پێی دەگوترێ هەرێمی کوردستان؟

لەکۆتاییشدا ئێمە هیچ نیازێکمان نییە سەنگەر لە دەنگەکان بگرین ، بەڵکوو دەنگەکان بەماڵی خۆمان و بە بڵندگۆی هەموو کەسێکی لیبراڵ و ئازادییخواز و سێکیولار دەزانین و بەهەموو توانایەکیشمانەوە دەستی پێوەدەگرین. هەروەها سەرکۆنەی ئەو کەمپەینە ناڕەوایەش دەکەین کە بەو ستایڵەوە هێرش دەکەنە سەر دەنگەکان و لەژێر ناوی کوردایەتیی و کوردپەروەرییدا دژی دەنگەکان، بەو شێوازە نزمە لە جوێندان و سووکایەتییکردن دەوەستنەوە. ئەو ستایڵە کوردایەتییە کۆنباوە زۆر دەمێکە بەسەرچووە و بەرهەمی ئەو کوردایەتییە خراپەیە کە کوردی تووشی ئەو هەموو دەردەسەرییە کردووە.

هاوکاتیش ئێمە پێمانوایە ئەوانەی ئێستا بەمجۆرە ناشیاوە هێرش دەکەنە سەر دەنگەکان و هەوڵدەدەن کارە ماندوونەناسەکانی چەواشە بکەن، کەم و زۆر پەیوەندییان بە پرسی کەرکوکەوە نییە، بەڵکوو لە ئێرەیی و رقێکی تایبەتیی لە بەرانبەر دەنگەکان و بەرێوەبەرانییەوە هەڵقوولاوە. چونکە ئەو زمانەی کە ئەوانە لە ژێر دروشمی کوردایەتییەکی کەفەژیلکەدا بە دژی سایتی دەنگەکان نووسیوویانە، دوورە لە بەهای رۆشنبیریی و ئێسیکی ( Ethic ) مرۆییەوەو هیچ سوودێکیش بەدۆزی کەرکوک ناگەیەنێت و بواریش بۆ دایەلۆگ و لێکتر گەیشتن ناهێڵێتەوە.

**سەرنج:** هەندێ پارەگراف هەیە، لە دوورو نزیکەوە پێوەندیی بە دەنگەکانەوە نییە، بەڵام پێوەندیی بەم کەمپەینی ئینسانییەوە هەیە، پێوەندیی بە کوردستانییبوونی کەرکوک و ناسنامەی نەتەوەیی کوردەوە هەیە، بۆیە بە پێویستمان زانی تێکهەڵکێشیان بکەین لە گەڵ ئەم کلێشەیەدا.

**بە سوپاسێکی زۆرەوە**

**ناوەکان:**

1- هەندرێن
2- عەلی مەحمود
3- شاخەوان شۆرش
4- مەجید دڵنیا
5- رووناک شوانیی
6- دەرسیم دیبەگەیی
7- بەختیار کەریم
8- ئاسۆ عەبدوڵەتیف
9- قادر نادر
10- د.بورهان یاسین
11- خەتاب سابیر

**کۆتایی نیسانی ٢٠٠٧**